ئەم بابەتە لە بەرواری 2014/05/07 لە لایەن م.محمدرافع لە شاری هەولێر گوتراوەتەوە و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

**تێڕوانین لۆ سێرەی بۆنداری پێغەمبەرمان لە چ ئاسۆیەك دەبێت؟**

**تێڕوانینی پەروەردگارییانە بەرەو کوێمان دەبات؟**

**ئەو کاتەی تێڕوانین لە ئاسۆیەکی بەشەرییانە و ژینگەیەکی شێواوەوە**

**ئاڕاستەی پێغەمبەر[عليه السلام و البركات] دەکرێت!**

**هەنگاوەکانی بەرەو خۆشویستنی خۆشەویست**

**بانگکردنی هاوڕێیەك و پێغەمبەر[عليه السلام و البركات] چ جیاوازی هەیە؟**

**لە نێوان خودای ڕەحمان و پێغەمبەرێك.. نەرمونیانی گلەیی خۆشەویست لە خۆشەویستەکەی و نازهەڵگرتنی**

**کێ بە تەمای بەهەشتە با لیرە فێرە خۆشەویستی ببێت**

**ئایا (ئەبوبەکر)[ڕەزای خودای لێبێت] چۆن دیبینی و (ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب) چۆنیان دەبینی؟ چەند پرسیارێك... لەبەرچی ئاڕاستەی ژیاننامەی خۆشەویست**

**بەم ئاڕاستەی ڕۆیشتووە؟**

**کاتێك چاولێکردنەوە مانای نامێنێت و دەبێتە دەردێکی تەشەنەکردوو..**

**هەڵوێستی دروست لەکاتی پێویست و سەیرکردن لە چاوەڕوانی ئەنجام**

پێغەمبەرمان[عليه السلام و البركات] ئەو کەسە نییە کە وەکو مرۆڤێکی سروشتی و ئاسایی سەیر بکرێت، واتە ژیاننامە (سيرة)ی پێغەمبەر[عليه السلام و البركات] لە ساتی لەدایکبوونییەوە تا لە دونیا دەرچوونی ببێتە پێوەری بوونی، دوو جۆر تێڕوانین هەیە بەرامبەر پێغەمبەرمان[عليه السلام و البركات]:

یەکەم: تێڕوانینێکی پەروەردگارییانە (رباني).

دووەم: تێڕوانینێکی بەشەرییانە.

**تێڕوانینی پەروەردگارییانە بەرەو کوێمان دەبات؟**

تێڕوانینە پەروەردگارییەکە بەر لە بوونی ئادەم دەست پێ دەکات، بوونی پێغەمبەرمان[عليه السلام و البركات] پێش ئادەم دەست پێدەکات بە هاتنی ڕۆژی دوایی و بە بەهەشتیش کۆتایی نایەت، لە دایك بوونێك کاتی تێدا نییە، کە خۆی فەرموویەتی" (كُنْتُ نَبِيًّا وَآدَمُ بَيْنَ الْمَاءِ وَالطِّينِ)(صحيح مسلم)، بە پشت بەستن بەم ئایەتەی کە دەفەرمووێ" (وَإِذْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُواْ أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُواْ وَأَنَاْ مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ)(آل عمران81) لەم مێژووەوە پێغەمبەرمان هەبووە، وەك چەمکی پێغەمبەرایەتی (النبوة) بوونی هەبووە، بەڵام دابەزاندنی ئەو پێغەمبەرایەتیی (النبوة)ە لۆ واقیع لە ساڵی (571 ز) لە مانگی ڕەبیعی دووەم لە کاتژمێر (10)ی شەو لە دایك بووە وەکو بەشەر، کەواتە دوو ڕەهەند هەیە لۆ سەیرکردنی کەسایەتی پێغەمبەرمان تێڕوانینێکیان پێغەمبەرایەتییانە و تێڕوانینێکییان بەشەرییانە، ئەوەی کە سیرە باسی کردووە واتە نووسەرانی سیرە، خودا لێیان ببورێت، بە تێڕوانینێکی مرۆیی سەیریان کردووە، نەك بە تێڕوانینێکی پێغەمبەرایەتییانە (النبوة)، لۆیە لە مێژووی بوونی لەسەر زەوی هەتا لە دونیا دەرچوونی باسکراوە، ئەوەی ئەوان گووتوویانە وەفات و ئەم مێژووەیان

هەژمار كردووە، كەچی لۆ زانین قورئان بەم شێوەیە باسی نەكردووە، لۆیە گرنگە ئەگەر ویستمان پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بناسین و لە پێغەمبەر تێبگەین دەبێ بچینە خزمەت قورئان نەك پەرتووكەكانی سیرە، ئەوەندەی پەرتووكەكانی سیرە مافی پێغەمبەریان خواردووە بە بۆچوونی من ئەوەندە نا موسڵمانان مافی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)یان نەخواردووە، بە داخەوە، زۆر جار ڕۆژهەڵاتناسان یان (أهل الكتاب) دداوەرانەتر بووینە لۆ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات)، نەك زانایانی موسڵمانان كە گرنگیشیان بە سیرە داوە، لۆیە ئەم پەرتووكانەی بە ناوی سیرە نووسراوەتەوە هەموویان زانستییانە پێداچوونەوەیان دەوێت، چونكە كابرا لە خودی خۆیەوە سەیری پێغەمبەری كردووە.

## ئەو كاتەی تێڕوانین لە ئاسۆیەكی بەشەرییانە و ژینگەیەكی شێواوەوە ئاڕاستەی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) دەكرێت

لۆ نموونە نووسەرێكمان هەیە كە تایبەتمەندە لە سیرە، بەڵام لەبەرئەوەی لە سەردەمانێك ژیاوە كە پڕ لە كوشتن و جەنگ (القتل و القتال) بووە، هەر لەبەرئەمەشە تێڕوانینی ئەو بریتی بوو لە تێڕوانینێكی جەنگییانە(رؤیة قتالیة)، ئینجا تێڕوانینی خۆی دابەزاندۆتە سەر سیرەی پێغەمبەر، لۆیە دوو جڵدی گەورەی هەیە بەناوی پەرتووكی (كتاب المغازي) واتە غەزوەكانی پێغەمبەر، كە وا وێنەكەی دەكێشێت و وای نیشان دەدات كە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) هەموو كاتێك شمشێری لەسەر شانی بووە و هەركەسێك مۆرەی لێ كردبێت و هەر كەسێك بە گوێی نەكردبێت بەم شمشێرەی سەری پەڵ داوە! وای كردووە كە بەكردەیی تەنانەت لە نێو خەڵكیش بینینی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) بینینێكی دروست و ڕاست نەبێت، بەڵام هەر لۆزانین پێوانەیەك كراوە لەسەردەمی بوونی پێغەمبەر لە بەرەكانی جەنگ، ئەوەندەی كە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) چەكی لەلا بووە و چەكی هەڵگرتووە هەر هەمووی ئەگەر بەراورد بكرێت لەگەڵ هەموو تەمەنی پێغەمبەرایەتی ئەوا تەنیا (دوو مانگ و سیانزە ڕۆژ) پێغەمبەرمان چەكی هەڵگرتووە و هەموو ئەم غەزەواتانەی كە پێغەمبەرمان بەشداری كردووە هیچ كەسی نەكوشتووە، لۆ زانین ئامانجی یەكەمی دوژمنەكان هەموویان بریتی بووە لە لەناوبردنی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، جا بە هەر ڕێگەیەك بوویێت، لە هەر غەزەواتێك بەشداری كردبێت هەوڵی داوە بە كردەیی دوژمنەكان بەدوور بخاتەوە، لۆیە هیچ كەسێك لە دەستی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) ئەزیەتی نەخواردووە، تەنانەت ئەو كاتەی شیریشی لە دەست دا بووە و شیریشی وەشاندووە لەنێو گۆڕەپانی جەنگ، نووسەرانی سیرە خودا لێیان ببورێت ئەو شێوەی كە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات)یان نیشان داوین، كەچی لە ڕاستیدا بەم شێوەیە نەبووە.

## ئایا تێڕوانینی خودی قورئان لۆ پێغەمبەرمان توندڕەویی دروست دەكات؟

ئەگەر خودای ڕەحمان پشتیوان بێت و باسی سیرە بكەین زیاتر پشت دەبەستین بە ڕەهەندە قورئانییەكە، ڕاشكاوانە مەبەستم وایە ئەوەی ئەوان ویستوویانە كە ئەو تۆمەتانە كەوا نزیكەی (14) سەدەیە دەیانەوێت لەسەر پێغەمبەرمان بیسەلمێنن كەوا كابرایەكی پیاو كوژ و (حاشاكی ئەو) یارانی پاكیش جەلاد و بكوژ و ڕێگر بوونەو گوایا یارانیشی بەم جۆرە بیناكردووە، بە دەقی قورئانیی دەیسەلمێنین كەوا ئەمانە هەمووی درۆ و خەیاڵە و ئەمەش هەمووی دوژمنانی ئایین (1400) ساڵە لۆ پێغەمبەریان وێناكردووە و موسڵمانی هەژارحاڵ و بەستەزمان بەبێ ئەوەی بەدواداچوون بكات لە قورئان، لۆ ڕاددەی ڕاستەقینەیی ئەم بابەتانە كەوا چەندە، كەچی ئەویش هاتووە ئەم هەڵوێستانەی خستۆتە ئەستۆی و هەر بەم جۆرەش پێغەمبەری خستۆتە ڕووا! بە داخەوە هەر لۆیە ئیمڕۆ جیهانی ئیسلامی لەسەر ئەم بنەمایەوە تووشی گەورەترین كارەسات بووە، ئومەتی ئیسلامی خۆی لەناو خۆی دوژمنی لۆخۆی دروست كردووە و گەیاندوویەتییە ئەو ئاستەی كەوا بە چەك مەسەلەكان یەكلایی بكەنەوە لەگەڵ یەكدی، زۆربەیان بەتێڕوانینی خۆیان لۆ ماف دێن و ماف لەم تۆێژانە وەردەگرن، گوایا پێغەمبەر كاتی خۆی وای كردووە! كەچی لۆ زانین پێغەمبەر موشریكی كوشتووە وەك ڕەحمەتێك پێیەوە (رحمة بە) دووڕوو (منفق)ی نێو ڕیزی خۆی نەكوشتووە، لەنێو ڕیزی خۆی دووڕووان هەبوون، كە چوار پۆل (طائفة) هەبوو، كەچی هەر لەبنەڕەتدا ناوی بە خراپە نەهێناون، (فاسق) هەبووینە، (فاجر) هەبووینە، بكوژ (قاتل) هەبووینە، داوێن پیس (زاني) هەبووینە، مەی خۆر هەبووینە، لە بەرامبەر ئەوانە هیچ یەكێكیان هەڵوێستێكی نەرێنی

نەبووە، کەچی ئێستا هەر بەم تێگەیشتنەی کەوا لە پەرتووکی (المغازي) کە باس دەکرێت کۆمەڵ و دەستەی ئیسلامی پەیدا بووە موسڵمانانیش بەکافر (تەکفیر) دەکەن و تەفسیق دەکات، بە ناویان دەکەوێت، نە زمان و نە دەستی لێیان پارێزراو نییە، خودای ڕەحمان لەوانەو لە جۆرەکانی تریشمان بپارێزێت، بەڵام ئەگەر بهاتایا بەکردەیی بگەڕاباناییەوە لۆ قورئان و پێغەمبەریان بە شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی لەوێوە بناسیایە، ئەوا هەڵوێستیان بەم شێوەیە نەدەبوو بەرامبەر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) و بەهەمان شێوە هەڵوێستیان بەم جۆرە نەدەبوو لە نێو ئایینیش.

سەرەتا هەندێك هەڵوێست و پێشدەستییەك هەیە کە لە خزمەتتان دەبێ باسی بکەم، کە بەر لە باسکردنی بابەتی سیرەیە لۆ ئەوەی ببێتە زەمینەیەك کاتێك کە ئێمە دێین مامەڵە لەگەڵ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکەین بە ڕەهەندێکی ڕاست و دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

## تەنها مرۆڤێك خۆشویستنی ئەرکە

تەنها بەشەر لە نێو بەشەرییەت کەوا داواکرابێت کە خەڵکی خۆشیانبووێت پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات)، تەنها بەشەر لە نێو هەموو مرۆڤایەتی داواکراوە خۆشیان بووێت پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات)، خودای ڕەحمان بە گوێرەی حەزرەتی موسا دەفەرموێت"(وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِنِّي) لۆ؟ لۆئەوەی ئەوەی موسا(علیه السلام) دەیخاتە ڕوو قبوڵکراو بێت، هەرچی پێغەمبەرمانە ئەوا لەبەرئەوەی هەموو بەشەرییەت لێ داواکراوە کەوا پێغەمبەرمانی(علیه السلام و البرکات) خۆش بووێت، لۆ؟ لە نێو فیطرەی هەموو بەشەرییەت، ڕاستتر لە نێو فیطرەی هەموو مەخلوقات پشکێکی خۆشەویستیی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بوونی هەیە، لۆیە خودای ڕەحمان پێویستی بەوە نەبووە کە وەکو موسا کێشکردن (جاذبية)تێکی تایبەت دروستبکات لۆ پێغەمبەرمان، هەروەك چۆن موسا(علیه السلام) دوژمنەکانیشی خۆشیانویستووە، بەڵام پێغەمبەرمان پێویستی بەمە نەبووە، چونکە نەك هەر دۆستەکانی بەڵکو دوژمنەکانیشی خۆشیانویستووە، لۆیە بە دەقی ئایات هەرچی دوژمنداریی پێغەمبەری کردووە خودی پێغەمبەری خۆی دوژمنداری نەکراوە، تەنانەت لە لایەنی بە درۆخستنەوەی، پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بەدرۆزن دانەنراوە وەك دەفەرموێت" (فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللهِ يَجْحَدُونَ). کەواتە خۆشەویستییەك هەیە لۆ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، خۆشەویستییەك هەیە لۆ ئەم پێغەمبەرەی کە لە فیطرەی مەخلوقاتدا بوونی هەیە، هەموو مەخلوقاتێك نەك تەنیا مرۆڤ، لۆیە هەموو مەخلوقاتێك وەڵامدانەوەی هەبووە لۆ ئەو پێغەمبەرەی، نەك تەنیا زەوی و ئاسمان، لۆ نموونە" دار، ئاژەڵەکان، ڕووەك، ئەمانە هەمووی وەڵامدانەوەی سەدا سەدیان هەبووە لۆ پێغەمبەر، ئەمە لۆ؟ چونکە لە نێو فیطرەی هەموویان پێغەمبەر بە قبوڵ وەرگیراوە، باشە ئەگەر هەموو مەخلوقات بەم شێوەیە بووبێت، ئەی مرۆڤەکان؟ مرۆڤەکانیش لۆی بەهەمان شێوە بووینە، تەنانەت دوژمنەکانیشی کە دوژمندارییان کردووە خودی پێغەمبەریان لێ دەرهێناوە، دوژمنداری خودی پێغەمبەریان(علیه السلام و البرکات) نەکردووە، بەڵام لۆ زانین پێغەمبەرانی دی دوژمنداریی خودی کەسی خۆیان کراون، هەموو پێغەمبەران (أنبياء) دوژمنداری خود کراوە، کەواتە ئەم خۆشەویستییە لە فیطرەی هەموو مەخلوقات بوونی هەیە. بەڵام دەپرسین ئەی ئێمە ئەم خۆشەویستییەی لەناوەوەی خۆماندا چۆن بژێینینەوە؟ ئایا دەزانن لەچاوکردنەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) و ئەم خۆنواندن (تَمثُّل)ە بە پێغەمبەر نابێتە بەڵگەی خۆشویستن، لۆ نموونە پێغەمبەرمان فەرموویەتی بە دەستی ڕاست نانی بخۆن، ئەگەر هاتوو ئێمە گوێڕایەڵی پێغەمبەرمان کرد لێرە ئایا بەڵگەی ئەوەیە کە ئێمە خۆشمان ویستووە؟ نەخێر مەرج نییە، زۆر جار سەرباز فەرمانی فەرماندەکەی جێبەجێ دەکات و خۆشی ناوێت، یان زۆرجار فەرمانبەر گوێڕایەڵی بەڕێوەبەری خۆی دەکات لە فەرمانگەکەی و خۆشیشی ناوێ، کەواتە بەدەنگەوە هاتن و گوێڕایەڵی و خۆوێچوواندن یان چاولێکردنەوە و تەنانەت ئەم خۆوێچوواندنەش بەڵگەی خۆشەویستی نییە، جادەپرسین خۆشەویستی لە چی دروست دەبێت؟

## هەنگاونان بەرەو خۆشویستنی خۆشەویست

هەنگاوەکانی دروستبوونی خۆشەویستی چین:

یەکەم: ناسین و زانیاری.

دووەم: کەوتنە بەردڵ (إعجاب).

سێیەم: خۆشەویستی.

ئەگەر ئێمە کابرایەکمان خۆش بوێت بەڵام نەیناسین! ئایا ئەم خۆشەویستییە دروست دەبێت؟ واتە باسی کابرایەکمان لۆ بکەن لە بەریتانیا یان لە فلیپین یان لە کۆنگۆ، نایناسین و نەمانبینیوە ئایا ئۆتوماتیکی ئەو کەسە وەکو خۆشەویست قەبوڵ دەکرێت؟ بێگومان نەخێر، لۆ؟ چونکە زانیاریمان دەربارەی نییە، لۆیە گرنگە ئەو پێغەمبەرە بناسرێت بەڵام لە کویێ؟لە وەڵامدا دەڵێین هەڵبەت دەبێ لە ڕێی قورئان بناسرێت، هەر کاتێك ئێمە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) ناسی، بێگومان ئەم ناسینەش لە قورئان بە ڕاستەقینانە دروست دەبێت.

بانگکردنی هاوڕێیەك و پێغەمبەر(علیه السلامو البرکات) چ جیاوازی هەیە؟

چەندین هەزار پێغەمبەر هەیە، بەڵام ناوی (25)یان لە قورئان هاتووە، هەر هەموویان لە ساتی بانگهێشت کە خودای ڕەحمان باسیان دەکات بە"(یا) ناوەکەیانی هێناوە لۆ نموونە" (یا یحیا، یا زکریا، یا عیسی) ئەمانە هەمووی ناویان بە (منادی) یا فلان ناوی هاتووە، تەنها پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) نەبێت، هیچ کاتێك ناوی نەهاتووە، خودای ڕەحمان هیچ کاتێك نەیفەرمووە (یا محمد)، لە هیچ جێگەیەکی قورئان ئەم شێوازە قسە ئاڕاستەکردنە نەهاتووە، تەنیا (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ، يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ) نەبێت، خودای ڕەحمان بە ڕاددەیەك ڕێزی لەم پیغەمبەرە ناوە و پلە و پایەکی بەرزی لۆ ئەم پێغەمبەرە داناوە ڕاستەوخۆ ناوی نەهێناوە، تەنانەت لە هەندێ شوێن گلەیی هەیە بە (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ) باسی دەکات، تەنیا کاتێك لۆ ناساندن و دەستنیشانکردنی خودی ئەم پێغەمبەرەی مەبەستە تەنیا شوێنە فەرموویەتی: (مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ)(الأحزاب40)، ئەمەش تەنیا لە بواری دەستنیشانکردنە، "(مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ) دەستنیشان دەکات و ناوی ناهێنێت، جەنابیان لە نێوان یەك کۆمەڵ پێغەمبەر دانیشتووە دەفەرموێت ئەوە (محمد)ەکەیە، بە (یا محمد) بانگی ناکات، مەزنێتی خودای ئاشکرایە، ئەمە خودایە لەم ئاستەی و بەم جۆرە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەستنیشان دەکات، ئەمەش لە چەندین جێگە لە قورئان هەیە، ئینجا بە گوێرەی قورئان و بە پشتیوانی خودا دەچینە خزمەت پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات).

### نەرمونیانی گلەیی خۆشەویست لە خۆشەویستەکەی و نازهەڵگرتنی

قورئان چۆن چۆنی ڕێزی لە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) و چۆن کەسایەتی ئەو پێغەمبەرەی جیا کردۆتەوە لە کەسایەتی پێغەمبەرانی دی، ئەوان هەمووی یەك پۆل بووینە لە بەرامبەر خودای ڕەحمان، کەواتە گرنگە ئێمە پێغەمبەر بناسین وەك خۆی، باشترین ناسێنەری پێغەمبەریش(علیه السلام و البرکات) قورئانە، خودای ڕەحمان ئەو پێغەمبەرەی دەستنیشان (تشخیص) دەکات بە قورئان، کەواتە قورئان باشترین لایەنی پێوانکارییە (المعیاریة) لۆ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، ئەگەر ئێمە بە گوێرەی قورئان پێغەمبەرمان ناسی ئەو کاتی دڵگیری (إعجاب)مان لۆی دەبێ، ئەو کاتە جێگەیەکی تایبەتی لە فؤادمان دروست دەبێت بەرامبەر ئەو کەسایەتییە، لۆ نموونە خودای ڕەحمان گلەیی لە زۆرێك لە پێغەمبەران دەکات، لە نێو قورئان خودای ڕەحمان گلەیی لە زۆر پێغەمبەران دەکات لە ساتی دابەزاندنی چەمکەکان لۆ زەوی واقیع، کێشەیان هەبووە، بۆیان نەکراوە سەدا سەد بە گوێرەی ویستی پەروەردگارییانە (رباني) چەمکەکانی کیتابی خۆیان داببەزێنن لۆ ئەو واقیعەی کە تێیدا ژیاون، ئەگەر بۆیان نەکرابێت کەواتە خودای ڕەحمان گلەییان لێ دەکات، هەندێ جار پێغەمبەر هەیە گلەییەکەی بە جۆرێکە، وەك بڵێی چاوەڕوان نەکراوە، کەچی خودا بەم جۆرە کردوویەتی، زۆربەی پێغەمبەران (الأنبیاء) بەم جۆرەنە، بەڵام ئەوەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) چۆن چۆنی گلەیی لێ دەکرێت، تەنیا بزانین گلەییەکە چۆنە؟ نموونەیەك دێنمەوە ئەویش" باوکێك دوو کوڕی هەبێ هەردووکیان لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی، یەکێکیان زۆر خۆی ماندوو بکا لە (24) کاتژمێر (20) کاتژمێر بخوێنێت و تەنیا چوار کاتژمێر ئیسراحەت بداتە خۆی، خوێندنەکەی زۆر بە هەند وەربگرێت، ئەمە کوڕی یەکەم، بەڵام کوڕی دووەم زۆر فەرامۆشکار بێت، پێچەوانەی کوڕی یەکەم بێت، (20) کاتژمێر یاری بکات و لە ئیسراحەت بێت و تەنیا چوار کاتژمێر بخوێنێت، جا گەر باوکەکە بێت و گلەیی و لۆمەی لەم کوڕانەی بکات بە چ شێوازێك گلەیی دەکات؟ یەکەم جار ڕوو دەکاتە کوڕکەی یەکەم و دەڵێت کوڕم.. بەرخم.. جەرگم.. تۆ

خوت فەوتاند، ڕەحمێك بەخۆت بكە، قەی ناكات كە دەخوێنیت، بەڵام ئیسراحەتیش بدە بەخۆت، كەمێكیش خەریكی ئارەزووەكانیشت ببە، وەرە ئاوا بكە، ئایا ئەمە گلەییە یاخود نا؟ بەڵام گلەیی خۆشەویستێك لۆ خۆشەویستەكەی، هەمان باوك ڕوو لە كوڕەكەی دووەم دەكات بەڵام چی بەو دەڵێت؟ هەی مل ئەستور، هەی ئەوها و ئەوها لە جیاتی ئەوەی بێیت بخوێنی كەچی (20)كاتژمێر هەر بە گاڵتە و یاری و بە تەلەفزیۆن و بەمانە دەبەیتە سەر؟ ئایا ئەمەش گلەیی نییە؟ گلەییە، هەموو قورئان كە گلەیی لە پێغەمبەرمان دەكەن لە جۆری یەكەمە، هەموو قورئان ئا بەم جۆرە گلەیی لە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) دەكات، كەواتە سەیری پلەو پایەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) بە بەراورد لەگەڵ پێغەمبەران (أنبیاء) چەند جیاوازی هەیە؟ ئەگەر هاتوو ئێمە پێغەمبەرمان بەم شێوەیە ناسی ئایا دڵگیریمان (أعجاب) لۆی دروست دەبێ یاخود نا؟ تا ئێستا بەراوردمان لەگەڵ پێغەمبەرانە، دەپرسین ئایا ئیعجابمان بە پێغەمبەر دروست دەبێ یان نا؟ مەعریفەمان دروست بوو، پاشان دڵگیریی واتە ئیعجابمان لۆی دروست بوو، بە پیادەكردن (ممارسة)ی مەعریفە و ئیعجاب ئینجا خۆشەویستی دروست دەكات، پێغەمبەرمان دەفەرمویت"(لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ) فەرموودەكە بە چەند شێوازێك گێرراوەتەوە كە یەكێكیان عومەری كوڕی خەتاب وەڵامی دایەوە: كەوا خۆم لە تۆ زیاتر خۆش دەوێت، پێغەمبەریش فەرمووی (نەخێر) (فَقَالَ لَهُ عُمَرُ يَا رَسُولَ اللَّهِ لأَنْتَ أَحَبُّ إِلَىَّ مِنْ كُلِّ شَىْءٍ إِلاَّ مِنْ نَفْسِى . فَقَالَ النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم « لاَ وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ نَفْسِكَ » . فَقَالَ لَهُ عُمَرُ فَإِنَّهُ الآنَ وَاللَّهِ لأَنْتَ أَحَبُّ إِلَىَّ مِنْ نَفْسِى . فَقَالَ النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم « الآنَ يَا عُمَرُ »(بخاري) لەبەرئەوەی دەرچووی قوتابخانەی (قیرائەیە) بەخۆداچوونەوەی لۆ خۆی كرد، ماوەیكی كەم و سەری بڵند كردەوەو و گووتی ئێستا یا رسول الله ئەویش فەرمووی ئێستا ئەی عومەر.

كەواتە تەواوبوونی ئیمان لەمەیە بە كردەیی مرۆڤ پێغەمبەری زیاتر خۆش بوێ لە ماڵ و لە منداڵێشی تەنانەت لە خودی (نەفسی) خۆشی زیاتر، لۆیە هەر هەموو یارانی بەڕیز كە پێغەمبەر بانگی بكردنایا چییان دەگووت؟ (لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَسَعْدَيْكَ . بِأَبِى أَنْتَ وَأُمِّى يَا رَسُولَ اللَّهِ) واتە دایك وباوكم بە قوربانت بێت و منداڵم بە قوربانت بێت، ماڵ و سامانم بە قوربانت بێت، كەواتە مەعریفەتی ڕاست و دروست و ئیعجابی حەق درست دەكات، ئیعجابی حەق خۆشەویستی دروست دەكات، ئایا دەزانن بناغە و بنچینەی ئیمان خۆشەویستییە، خۆشەویستی زەمینەی ئیمانە.

### كێ بە تەمای بەهەشتە با لیرە فێرە خۆشەویستی ببێت

هاوەڵێكی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) هەبوو كە زۆرجار هەڵوێستی پێكەنیناوی و سوحبەتی ئەنجام دەدا ڕۆژێكیان بە گەرەكەكە تێدەپەڕی، پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) كەمێك خێرا ڕۆیشت و گەیشتە تەنیشتییەوە و توند دەستی گرت، سڵاوی لێكرد و وەڵامی دایەوە سەیری كرد پێغەمبەرە و خۆی تێك نەدا و هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتنەكەی، فەرمووی بارودۆخت چۆنە؟ گوتی بارودۆخم زۆر باشە، گوتی: بەڵگەی باشبوونی بارودۆخ و حاڵت چییە؟ گووتی یا رسول الله نە سونەتی نوێژ و نە سونەتی ڕۆژووەكانیش ئەنجام دەدەم، نە وا دەكەم و نە وادەكەم، پێغەمبەریش(علیه السلام و البركات) یەكسەر گوتی ئەی چۆن بە تەمای بەهەشتیت؟ چیت لۆ ئامادە كردووە؟ وەڵامی دایەوە و گوتی: (خۆشەویستی خوداو پێغەمبەرەكەیم لۆی ئامادە كردووە) وەك لە ئەنەسەوە دەگێڕنەوە: (أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ - رضى الله عنه - قَالَ بَيْنَمَا أَنَا وَالنَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم خَارِجَانِ مِنَ الْمَسْجِدِ فَلَقِيَنَا رَجُلٌ عِنْدَ سُدَّةِ الْمَسْجِدِ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَتَى السَّاعَةُ قَالَ النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم « مَا أَعْدَدْتَ لَهَا » فَكَأَنَّ الرَّجُلَ اسْتَكَانَ ثُمَّ قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا أَعْدَدْتُ لَهَا كَبِيرَ صِيَامٍ وَلاَ صَلاَةٍ وَلاَ صَدَقَةٍ ، وَلَكِنِّى أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ . قَالَ « أَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ »(بخاری) یەكسەر جێگەكەی پێگوت، كەواتە خۆشەویستی (حب) زەمینەی سەرەكی و تەنهایە لۆ ئەوەی بە كردەیی مرۆڤ بتوانێت كەوا ئیمانی حەق دروست بكات، لۆیە ئێمە كە دێین باسی سیرە دەكەین، دەبێ بە كردەیی ئائەم قۆناغانەمان بڕیبێت، كاتێكیش ئەم قۆناغانەمان بڕی ئەوا زەمینەی ڕاستەقینەی ئیمانمان بە دەست هێناوە، لۆیە نوێژ و ڕۆژوو و شتەكانی دیش ئەمانە هەمووی پەرستشی پێ دەگوترێت بەڵام لۆ زانین ئیمان خۆشەویستی (حب)ە، لە پێناسەی ئێمەدا ئیمان: ژیانە لە خزمەت پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، (ئیمان بە الرسول واتە ژیان لە خزمەت پێغەمبەر)، ئێمە بەم شێوەیە ئیمان پێناسە دەكەین.

## ئایا (ئەبوبەکر)(ڕەزای خودای لێبێت) چۆن دیبینی و

## (ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب) چۆنیان دەبینی؟

ئەگەر هاتوو ئێمە بە کردەیی و ڕاستەقینانە پێغەمبەرمان ناسی کە لە قورئان مەعریفەتی ڕاستەقینانەمان دەبێت بە گوێرەی پێغەمبەر، واتە ئەو کاتە ئێمە لەم بازنەیە دەردەچین کەوا پێغەمبەرمان ئەبرۆی ئاوا باریك بووا! پێغەمبەرمان لێوەکانی بەم شێوەیە قەیتانی بوو، یان پێغەمبەرمان ڕوومەتی بەم جۆرە بووا! یاخود باڵای بەم شێوەیە بوو، ناوکی بەم جۆرە بوو، لاقەکانی بەم شێوەیە بووا! بەڕاستی ئەمانە شوورەیین، ئێمە نەهاتووین باسی ئەکتەرێکی ڕۆژئاوایی بکەین، ئێمە لەم ڕەهەندە دەردەچین، بەڵێ ئەمانە هەمووی جێگەی ڕێزن و پایەی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە بەم چاوەوە سەیری پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) ناکەین، ئەمە ڕەهەندە بەشەرییەکەیەتی، (ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب)یش ئەم ڕەهەندەیان دەبینی بەڵام ئەوان بەو چاوەی کە پێویست بوو سەیری پێغەمبەری پێ بکەن بەو چاوە سەیریان نەدەکرد، لۆیە ئەوان مەعریفەتی ڕاستەقینانەیان دەربارەی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) نەبوو، ئەوانە پێغەمبەریان(علیه السلام و البركات) وەکو ئەوەی لە قورئان باسکراوە نەدەناسی، کەواتە ڕێزگرتن و پایەگرتنی (ئەبو بەکر) لۆ پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لەگەڵ (ئەبو جەهل) ئەو جیاوازییەی هەبوو، (ئەبو بەکر) بە چاوی (محمد رسول الله) سەیری پێغەمبەری دەکرد هەرچی (ئەبو جەهل)بوو بە چاوی (محمد بن أبي كبشة) سەیری پێغەمبەری دەکرد، کەواتە بنچینەی جیاکەرەوە لە نێوان (ئەبو بەکر و ئەبو جەهل) مەعریفەکە بوو، هەردوو لایەن دەیان بینی پێغەمبەرمان بەشەرە، بەڵام (ئەبو بەکر) بە چاوی قورئان سەیری پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)ی دەکرد، ئەمەش وای کرد لەلای ببێتە (محمد رسول الله)، ئەگەرچی هەر هەمان (رسول الله)یە بەڵام (ئەبو جەهل) بە چاوێکی دی سەیری دەکرد ئەویش (محمد بن أبي كبشة)، أبي كبشة ئەو کەسە مێردی (حليمة السعدية)، حەلیمة السعدية ئەو دایەنە بوو کە کاتی خۆی پێغەمبەرمانی لە ئامێزگرت و بردیە دەرەوەی شار بۆ ماوەی دوو ساڵ پێغەمبەرمانی بە شیری خۆی پەروەردە کرد، کە لە سیرە دا هاتووە، ئەم کابرایە هەژار حال و حاشاکی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) کابرایەکی هەژارحاڵ و گێل بووە کە وایان پێ گووتووە، خەڵکی بە (أبو كبشة)یان ڕابوواردووە، لۆیە ئەبو جەهل و فلان و فلان دەیان ویست لە ئاستی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بهێننە خوارەوە، لۆیە ناوی ئەو کابرایەیان دەهێنا، وەك ئەوەی کە تۆ کوڕی ئەوی، لەبەرئەوەی شیری خێزانی ئەوی خواردبوو، بە چ چاوێك سەیری پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)یان دەکرد؟ بە چاوی بەشەریی خۆیان لێیان دەڕوانی، ئەم پێوەرەیان هەبوو، دەپرسین ئایا پێغەمبەریان ناسیبوو؟ لە وەڵامدا نەخێر، ئەی کێ پێغەمبەری ناسی بوو؟ بێگومان (ئەبو بەکر) ناسی بووی، کەواتە خاڵی جیاکارەوەی سەرەکی تێڕوانین و دیدی مرۆڤە لۆ بەرامبەرەکەی، ئەگەر بێتوو قورئان بکەینە پێوەر لۆ ناسینی پێغەمبەر ئەوا ئێمەش وەکو (ئەبو بەکری صديق) سەیری پێغەمبەر دەکەین، بەڵام ئەگەر وا نەبێت ئەوا وەکو ئەکتەرێکی بە توانا پێغەمبەر دەبینین، یان وەکو مرۆڤێکی زۆر ڕۆشنبیر و ژیر و هۆشیار و زۆر زیرەك و زۆر... زۆر...

بەڵام ئایا پێغەمبەرە؟ لە وەڵامدا نەخێر، ئەمە لە بواری مەعریفەت، کاتێك ئەم مەعریفەتەش بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دروست بوو بە کردەیی پێغەمبەر لەلامان لە لوتکەی ڕێز دەبێت، لە لوتکەی ئەم فایل و ڕاپۆرتە مرۆییانەی کە لە مێشکمان دروست بووە ئەو لە سەرەتاکەیەتی، مامەڵەکردن لەگەڵ مەعریفە و أعجاب و تێکەڵکردنیان بەیەکەوە لە ئاون (دەزگای ووردکردنی شتومەك) خۆشەویستی لێ دەردەچێت، لۆیە ئەگەر سەیر بکەین ئەوانەی ئەکتەر و یاریزانەکانیان خۆش دەوێت و موعجەبن پێیان، ئەوا زۆربەی گرتەی یاریزانەکان کە گۆڵ دەکەن وێنە گیراون و وێنەکانیان لە نێو مۆبایلەکانیان دانراوە، بە ئیعجابەوە سەیری دەکەن، ئەمانە هەمووی دەسکەوتن، دەسکەوتەکانی مرۆڤەکەیە، ئەمەی باسمان کرد پێشەکییەك بوو لۆ چەمکی سیرە.

## چەند پرسیارێك... لەبەرچی ئاڕاستەی ژیاننامەی خۆشەویست

## بەم ئاڕاستەی ڕۆیشتووە؟

ئەگەر بێتوو ئێمە بمانەوێت پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بناسین و بمانەوێت لە چاوپێکەوتنەکانی دادێ بچینە خزمەتی دەبێ ئەو زەمینەمان هەبێ یان ئەو باکگراوندەمان هەبێت لۆ ئەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) چۆنە وەك خۆی بیناسین.

- پرسیار: ئایا پەند و حیکمەت لەمە چییە کە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) شیری دایکی خۆی نەخواردووە؟

1- بابەتی نەهێلانی پێغەمبەر یان نەهێشتنی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە مەککەدا، ئەو کات ئەم حاڵەتە هەبووە کەوا خێزانە پایەدارەکان نەك دەوڵەمەند خێزانێك کە ڕەگ و ڕیشەیان هەبێت ویستوویانە منداڵەکانیان لە فیطرە نزیك بن.

2- جا لەبەرئەوەی مەککە زۆرێك لە ڕەوەند (جالیة)ی دی جگە لە عەربی تێدا بووە، ئایینی جگە لە حەنەفییەت زۆر بووە، بەمەش شێوەزاری جگە لە قورەیش زۆر بووە، ئەو منداڵەی کە نەشونما (تنشئة) دەکات زمانی پاراو نابێت و بە زمانی عەرەبی ستاندارد (فصحی) قسان ناکات.

3- پاشانیش لەوانەیە مەککە ئامێر و ئامرازی هاوەڵ بڕیاردانی (شرك) زۆر لێ هەبووە لەناو (ماڵی خودا)، کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدان و شێواندنی فیطرەی.

4- لە هەمان کاتیش لە ڕووی تەندروستییەوە لەبەرئەوەی مەککە لەنێو دۆڵێکە دەکەوێتە نزمایی، جا کشتوکاڵ و داری لە دەوروبەردا نییە و ئاووهەواکەی پاك نییە، (دووەم ئۆکسیدی کاربۆن) ئەم گازە زۆر لە هەوایەکەی دەمێنێتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش هۆکاری تریش هەبوون، جا دایك و باوکەکان حەزیان دەکرد کە منداڵیان بووە بە تایبەتی کوڕ بیاندەن بە دایەنێك لۆ شیر پێدانی و لە دەروەی مەککە پەروەردە و بەخێو بکرێت، ئەمە هۆکارێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان.

- پرسیار: ئایا دەقی ئایەت هەیە دەربارەی خۆشەویستی (حب)ی رسول الله؟

- ئاماژە هەیە نەك ڕاستەخۆ.

- پرسیار: لۆ دەقی ڕاستەخۆ نییە؟

لە وەڵامدا دەڵێین زۆرجار دەقی ڕاستەخۆ لە کۆمەڵێك گەواهی وەردەگیرێت بەمەش بەهێز دەبێت، کە کۆمەڵە ئایاتێك هەن کە بڵێین هەریەکەیان و بەشێك لەم ئایاتانە کۆ بکەینەوە ئائەو وێنەیە دروست دەبێت کە پێویستە دروست بێت، گرنگە ئێمە بابەتەکان کۆ بکەینەوە نەك ئایات، کێشەکە لە ژمارەی ئایات نییە، کێشەی هەندێك لەوەیە لە ژمارەی ئایەت لۆ ژمارەی ئایەتیان لەلا گرنگە؟ چونکە ئەمە دەبێتە بەشبەش کردن و دابڕاندنی ئایات، کە هەر لەبنەڕەتدا ئەم تێڕوانینە ڕەتکراوەیە لەلای ئێمە، شاهید ئەوەیە ژمارەی ئایەت لۆ ژمارەی ئایات ئەمە نابێتە بەڵگەی هەبوونی هیچ شتێك تەنیا لە (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)(الإخلاص1) ئەی ئێمە چۆن مامەڵە دەکەن؟ ئێمە لە بواری بابەت مامەڵە دەکەین، و لە بواری بابەت ئێمە دەڵێین هەر ئایەتێك لە ژمارە لۆ ژمارە پێشەکی و داهاتوو (سابق و لاحق)ی هەیە، تاکو بە کردەیی ئائەم ئایەتە لە نێو ئەم گشت وێنانە فیلمەکەی تەواو بێت، لۆیە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ڕوو لە (أهل الكتاب) دەکات ڕوو لە (أميين) دەکات و دەفەرموێت: (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ) ئەگەر هاتوو خۆشەویستی نەبێت هەر لە بنەڕەتدا چۆن هەنگاو هەڵگرتنەوە و شوێنکەوتن دەبێت؟ وەك لە سەرەتاش باسم کرد نواندن (تمثيل) و چاولێکردنەوە و خۆوێچوواندن ئەمانە هەمووی پشك پشکی بابەتەکەیە نەك گشت.

**کاتێك چاولێکردنەوە مانای نامێنێت:**

جارێکیان یاریزانێك لە یاریزانەکان کاسکێتی لەسەر بوو و وێنەی لەم کاتە گیراوە کە ئەو شوێنەی کە تیشکی خۆر دەگێڕێتەوە زیادەیەکەی پێشەوەی کڵاوەکەی، لەبیری کردبوو سوڕابوویە لای دواوەی سەری، گەنجانی گۆی زەوی کاتێك کڵاویان لەسەر دادەنا بەم جۆرەی یاریزانەکە لەسەریان دادەنا، نەیانزانی لۆ بەم شێوەیە، نەیانزانی.

لە ئەوروپا و زیاتریش لە ئەمریکا ناوچەکانی تیکساس کە بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە ناسراون، کە (کابۆی) لەبەر دەکەن، کە لۆ ماوەی (7-10) ساڵ کابۆیان دەدڕێت، شوختی بەردەکەوێت و ڕەنگی دەگۆڕێت، ئەم کابرایانە لۆ ئیش ئەو جۆرە کابۆیەی لەبەر دەکەن، بەڵام لەلای ئێمە بووە مۆدێل کەوا سەرچۆکەکانی یان هەندێ شوێنی دی بە موس دەیان بڕی، کە خەڵکی بینیویانە، ئا ئەمە چاولێکەرییە، ئەمە خۆوێچوواندنە، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەم برادەرەی کە ڕیشی بەجێدێلت، درێژی (15-20)سم ە و لەلای وایە ئەمە شوێنکەوتنی پێغەمبەرە! لۆ زانین ئەبو لەهەبیش ڕیشی (25)سم بوو، شوێنکەوتن بەم سێ قۆناغە دا دەڕوات، ئەگەر کابرا خۆشەویستیی نەبێت چۆن چۆنی دەبێتە شوێنکەوتە؟ لۆیە ئەگەر ئێمە نەیێن لێکۆڵینەوە و مودارەسەی ئایاتەکانی قورئان بکەین، توێکاری و لێکدانەوە(تشريح و التحليل)ی لۆ نەکەین، پێش و پاشییەکەی بەیەکتر نەبەستینەوە، ئەم کاتە ستەم و غەدر لە خۆمان دەکەین، چونکە دەرەنجاممان ڕوون و ئاشکرا نابێت.

- پرسیار: کاتێك پێغەمبەرمان بڕیاری دا بچێتە طائیف و بەرلەوە لۆی بچێت ئەنجامەکەی باش بووە، بەڵام کاتێك لۆ طائف چوو ئەنجامەکەی باش نەبوو، ئەمە بە تێڕوانینی ئەو چۆن دەگەڕێتەوە؟ و خەڵکی طائیف لۆ ئەزیەتیان دا؟ سێیەمیش ئەگەر بە چاوی پێغەمبەرایەتیش سەیری نەکات بە چاوی خۆشەویست ببیینێت، چونکە هەموو کەسێك ئەگەر بە چاوی بەشەریش سەیری بکات ئەوا خۆشەویستی لۆ هەبووە؟

**خاڵی یەکەم:** بابەتی طائیف حاڵەتێکی تایبەتە، کێشەکە لەمەیە ئێمە کە دێین سەیری ژیانی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دەکەین وەك ئەوەی ئێمە هەموو گرتەکانمان لەبەر چاوە، وەکو چاودێرێکی پۆل دێین ماف دەدەینە خۆمان بە هەوەسی خۆمان صەح لێ دەین، لۆ نموونە بڵێین ئێمە فیلمی ڕیسالەمان بینیوە، ئایا کێ لەبیریەتی کاتێك یەکەم جار فیلمی ڕیسالەمان بینی کێ دەزانێت گرتەی پاشی ئەو چ بوو، ئایا کێ بەبیری دێتەوە؟ لۆ یەکەم جار کە فیلمی ڕیسالەمان بینیوە و ئەو سات نەماندەزانی پاش ئەو گرتەیەی دەمانبینی گرتەی دووەم واتە گرتەی دوای گرتەی یەکەم چی دێت؟ ئایا وایە یاخود وا نییە؟ هەر فیلمێک، پاشان کە فیلمی ڕیسالەمان بینی ئەو کاتە کە هاتین دانیشتین مافمان دا بە خۆمان کەوا بێین و ڕەخنە ئاڕاستەی فیلمی ڕیسالە بکەین، وایە یان نەخێر؟ لۆ نموونە من دەڵێم فیلمی ڕیسالە زیاتر لە (30) هەڵەی هەیە، ئێستا ئائەو باسانە دەکەین بەڵام ئەگەر بهاتایا لە خزمەت پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بووینایا ئاوامان نەدەگووت، کۆمەڵێك ڕووداو هەیە بۆیە دەبێ ئێمە ئەکادیمییانە و بابەتییانە بۆی بچین.

**خاڵی دووەم:** دیدی قورئانییانە لۆ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) زۆر مەسەلەیەکی گرنگە، واتە ئەگەر هاتوو بە کردەیی لە ڕێگەی قورئانەوە چووینە خزمەت پێغەمبەر زۆر دادوەرانە (منصف) دەبین لە خزمەتیدا، ئەو کاتە زۆر جار پێی دەڵێین واللە زۆر لە ڕاددەی خۆی زیاتری کردووە.

## هەڵوێستی دروست لەکاتی پێویست و سەیرکردن لە چاوەڕوانی ئەنجام

کە لۆ طائیف دەرچوو چوونەدەر نەبوو، ماوەی نێوان مەککە و نێوان طائیف چەند کیلۆمەترێکە، لەم ماوەیە کە دەرچوو کە بە کردەیی بتوانێت وەکو ئەوس و خەزرەج ڕێکەوتنی لەگەڵدا مۆرکردن بەهەمان شێوە لەگەڵ خەڵکی طائیف ڕێکەوتن مۆر بکات، یەك کۆمەڵ ئامانجی هەبوو، کە لە کاتی خۆی لە باسەکانی سیرەی ڕامیاری لە ساڵانی (92) بە درێژی باسم کردووە، کە طائیف جێگەیەکی بڵندە و سەرچیایە، جێگەیەکی هەستیار و جوگرافی سەربازیی هەیە، ئەگەر هاتوو ئەم هۆزە پاڵپشتی کردن ئەو کاتە پشتیوانی دەبێت و وەك شوێنێك دوژمن ناتوانێت پێی بگە، ئازادی ڕامیایی و سەربازیی ئامانجی پێغەمبەر بوو لە ساتی جوولەکردن لۆ طائیف، بەڵام وا دیار بوو پێش پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)

قوڕەیش نوێنەرانی خۆی ناردبوو و ڕێکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبوو لەگەڵ خەڵکی طائیف لە گەورەپیاوان و ناسراوانی طائیف، ئەوان حەزیان نەدەکرد کە ئەو ڕێکەوتنانەی کە لە نێوان خۆیان و لە نێوان قوڕەیش هەبوو بیکەنە قوربانی پێغەمبەرەوە(علیه السلام و البرکات)، هەر لە کۆبوونەوەکە بڕوایان بە خۆیان هێنا پێش ئەوەی هێرش بکەنە سەر پێغەمبەر گووتیان ئەگەر بێتو ئەو پێغەمبەرە، ئەو نەفەرە پێغەمبەر بێت چ ئێمە و چ غەیری ئێمە پاڵپشتی بکەین چ لە هاوکێشەکە ناگۆڕێت، چونکە خودا خاوەنێتی دەکات، جا ئەگەر خوداش خاوەنێتی لۆ بکات ئێمە ئێستا پێویست ناکات پاڵپشتی بکەین، لۆ ئەوەی ئەو شوێنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لە لای قوڕەیش هەمانە نەیفەوتێنین، ئەگەر هاتوو بە کردەییش ئەو کەسە پێغەمبەر نەبوو پاڵپشتیمان نەکرد کەواتە هەم دیسان زیانمان نەکردووە، کاتێکیش کە پێغەمبەرمان لە طائیف گەڕایەوە دەکرێت بڵێین ئەم ئەزموونە سەرکەوتنی سنووردار بوو، خودای ڕەحمان دیاریی پێ دا، بە چ؟ (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى)( الإسراء1) ئەمە دیاری پێغەمبەرمان بوو، لۆ؟ ئەگەر هاتوو لەسەر زەوی تەنگانەیان لۆ هێنایە بەردەم و گەمارۆیان دا، تەنانەت بە شوێنی جوگرافیش، بەڵام خودای ڕەحمان دەتوانێت فراوانی ئاسمانی لۆ بکاتەوە و لە ئاسمان لۆی قەرەبوو بکاتەوە.

- پرسیار: ئایا ئەو شێوازە لە ئەزیەتدانەی کەوا لە سیرە و فیلمەکان باس دەکرێت بەم شێوەیە نەبووە؟

- نەخێر، نەخێر، هەندێ جار گێڕراوەکان لۆ مەبەستی سۆزڕاکێشانی بەرامبەر بووە، کە هەندێ گێڕراوەکان هەن ئاوا نیشان دەدەن، لە ڕاستیدا ئەزیەت دراوە، بەڵام زیللەتپێکردن (إهانة) نەکرا، جیاوازی هەیە لە نێوان ئەزیەت و لە نێوان زیللەتپێکردن، زۆر جار بانگخوازان لێیدەدرێت و بەند دەکرێت و ئازار دەدرێت، بەڵام زێللەتپێکردن (إهانة) ناکرێت، بەڵام لە ئاستی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، پێغمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە گشت ژیانیدا هیچ کاتێك زیللەتپێکردن (إهانة)ی نەبینیوە.